

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب - بەشی جوگرافیا

بابەت :جوگرافیای شار

مامۆستای بابەت : کامران ولی محمود

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای شار و بنچینەکانی جیاکردنەوەی شارو لادێ

fppt.com

# یەکەم

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای شار

fppt.com

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای شار

لێکۆڵینەوەکانی بواری جوگرافیای شار بەشێوەیەکی گشتی بە دوو ڕێگە (شێواز) ئەنجامدەدرێت :

١ – ڕێگەی وەزیفەی شار

لەو ڕێگەیە توێژەر جەخت دەکاتە سەر لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی شارەکانو قەبارەیانو دووریان لەیەکترو کاروفرمانیانو هەروەها پلەی گەشەسەندنیانو ئەو فاکتەرانەی کاری لەسەر ئەوە کردووە. هەروەها هەرێمی شارەکان دەخوێنی.

بەکورتی: شارەکان وەك خاڵ دەخوێنی لەسەر شانۆی جوگرافـی .

fppt.com

## هەرێمی شار




## دابەشبوونی قەبارەیی




## بیردۆزی کریستالەر




fppt.com

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای شار

٢ – ڕێگەی مۆرفۆلۆجیای شار

لەو ڕێگەیەدا توێژەر باس لەو بۆشاییە دەکا کە شارەکەی لەسەر دروستبووە (پێگە)و، سیستەمی بیناکانو پلانیانو پێکهاتەی ناوەخۆیی شارەکان. لەو ڕێگەیە بەکارهێنانی زەوی شارەکانو گرنگترین فاکتەرەکانی سەریان دەخوێندرێ.

بەکورتی : ناوەڕۆکی شارەکان دەخوێنی .

fppt.com

# دووەم

## بنچینەکانی جیاکردنەوەی شارو لادێ




fppt.com

# گرنگترین ئەو پێوەرانەی بەكاردێ بۆ جیاكردنەوەی شارو لادێ : -

١- پێوەری ئامارییی

٢- پێوەری كارگێڕیی

٣- پێوەری مێژوویی

٤- پێوەری مۆرفۆلۆجی

٥- پێوەری ئابووری (وەزیفیی)

٦- پێوەری كۆمەڵایەتی

fppt.com

# ١ – پێوەری ئاماریی

پێوەری ئاماریی پشت بە دوو جۆر داتای ئاماریی دەبەستێ :

أ – ژمارەی دانیشتوان

ب – چڕی دانیشتوان

<u>أ – ژمارەی دانیشتوان</u>

ئەو پێوەرە لە وڵاتێک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، لە وڵاتی سویدو فنلندا ئەو ژمارەیە بریتیە لە 200 کەس (واتە ژمارەی دانیشتوانی هەر نێوەندێک 200 کەس و زیاتر بێ ئەوا ئەو نێوەندە لە گوندەوە دەگۆڕێ بۆ شار)

fppt.com

# ١ - پێوەری ئاماریی

لە کەنەداو فەنزویلاو سکۆتلاندو شیلی ژمارەکە بەرز دەبێتەوە بۆ 1000 کەس

لە ئوسترالیاو ئەرجەنتینو پورتوگال بریتیە لە 2000 کەس

لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتیە لە 2500 کەس

لە بەلجیکاو غاناو هیند بریتیە لە 5000 کەس

لە روسیا بریتیە لە 12,000 کەس

لە یابان بریتیە لە 30,000 کەس

لە کۆریای باشوور بریتیە لە 40,000 کەس

fppt.com

# ١ - پێوەری ئامارییی

ب - چڕی دانیشتوان

بریتیە لە کەمترین ئاستی چڕی دانیشتوان لە رووبەرێکی دیاریکراودا.

بۆ نموونە:

- لە هیند لە تەک ژمارەی دانیشتوانی 5000 کەس بۆ هەر نیۆەندیێک بۆ ئەوەی ببێتە شار، پێویستە چڕی دانیشتوانیشی لە 1000 کەس/میل$^{٢}$ کەمتر نەبێ.
- لە وڵاتە یەکگرتووەکانیش لە تەک ژمارەی دانیشتوانی 2500 کەس پێویستە چڕی دانیشتوانیش لە 1000 کەس/میل$^{٢}$ کەمتر نەبێ.

fppt.com

# ١ - پێوەری ئاماریی

لایەنە باشەکانی ئەو پێوەرە ئەوەیە کە زۆر ئاسانەو تەنها پێویست بە بوونی ئامارەکانی دانیشتوانو رووبەری شارەوانیەکان دەکات.

بەڵام لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێک رەخنەی ئاراستە کراوە:

١ - نەبوونی ئاستێکی یەکگرتوو لەسەرتاسەری جیهان، هەر وڵاتەو ژمارەیەک پەیڕەو دەکا. بگرە ناجێگیری ئاستەکان لەسەر ئاستی یەک وڵاتیش تێبینی دەکرێ، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا چەند جارێک دەستکاری ئەو پێوەرە کراوە بۆ جیاکردنەوەی شارو لادێ.

fppt.com

# ١ - پێوەری ئاماریی

٢ - زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان مەرج نیە گۆڕانی ریشەیی بەدوادا بێت.

٣ - ژمارەی دانیشتوانی هیچ نێوەندێک جێگیر نیە، چونکە هەر ئاستێک دیاری بکرێت ئەوا بەهۆی گەشەی دانیشتوانەوە دەتوانرێ ببەزێندرێتو ببێتە هۆی ئەوەی شارەکان دروست بن. سەرەڕای ئەوەی کە گەشەی دانیشتوان لە نێوان شارو لادێ جیاوازە.

٤ - سەبارەت بە چڕیش ئەوا مەرج نیە هەموو کات لادێ چڕی کەم بێتو شاریش زۆر.

٥ - هەندێ شار بەهۆی هاتوچۆی رۆژانەی دانیشتوان بە مەبەستی ئیشو کاری رۆژانە ئەوا چڕیەکەی بە شەوو رۆژێک گۆڕانی بەسەردا دێ.

fppt.com

# ٢ - پێوەری کارگێڕیی

ئەو پێوەرە پشت بە بڕیارێکی فەرمی حکومەت دەبەستێ، کە چەندین وڵات دەیگرنە بەر بۆ جیاکردنەوەی شارو لادێ . وەک بەریتانیاو میسرو تونسو تورکیاو بەرازیلو پۆلەنداو رۆمانیاو یابانو نەرویجو عێراقو هەرێمی کوردستان.

لە عێراق بەگوێرەی یاسای ژمارە 165ی ساڵی 1964 هەموو ئەوا ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان ئەوا بە ناوچەی لادێ لەقەڵەم دەدرێن. بۆیە هەموو سەنتەری پارێزگاو قەزاو ناحیەکان بەپێی ئەم یاسایە بە شار دادەنرێن. کەواتە هەر گوندێک بە بڕیارێکی کارگێڕی کرایە سەنتەری ناحیە یان قەزا ئەوا لە ماوەی شەوو رۆژێکدا دەبێتە شار.

نموونە : بە گوێرەی ئەو پێوەرە شارۆچکەکانی هیرانو قوشتەپە لە ساڵانێک خەسڵەتی شاریان لەدەستداو دواتر بە فەرمانێکی کارگێڕی گەڕانەوە ئاستی شارەکانی پارێزگای هەولێر.

fppt.com

# ٣ - پێوەری مێژوویی

پێوەری مێژوویی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا شارەکان پێویستە مێژوویەکی قووڵیان هەبێ بۆ ئەوەی هەر بە شاری بمێننەوە.
بەڵام ئەوەش مەرج نیە لەگەڵ هەموو شارێک بێتەجێ چونکە زۆربەی شارە گەورە مێژووییەکان ئێستا کەلاوەن، هەروەها سەرجەم شارەکانی هەردوو ئەمەریکا مێژوویەکی قووڵیان نیەو کەچی لە هەرە گەورەترین شارەکانی جیهانن وەک نیۆیۆرک، ریۆدی جانیرۆ، مەکسیکۆستی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شار هەن تا ئێستا ناسنامەی خۆیان پاراستووە وەک شاری مێژوویی ماونەتەوە.

fppt.com

# ٣ - پێوەری مێژوویی



کەلاوەی شارێکی مێژوویی لە ئەمەریکای لاتین

شاری مێژوویی هەولێر



شاری مێژوویی لەندەن



ippt.com

# ٣ - پێوەری مێژوویی



سۆران

(نموونەی شاری نوێ)

رواندز

(نموونەی شاری مێژوویی)



fppt.com

# ٤ - پێوەری مۆرفۆلۆجی

ئەو پێوەرە پشت بە تێبینی راستەوخۆی توێژەران دەبەستێ سەبارەت بە دیوی دەرەوەی شارو گوندەکان، لە بوونی بالەخانەی بەرزو پردی گەورەو کارگەی پیشەسازی‌و کۆگای بازرگانی‌و شەقامی فراوان‌و رێکو پێک و ..هتد، بەرامبەر بە ژینگەیەکی سادەو ساکار لە لادێ کە بەو شێوەیەی شار دیزاین نەکراوە.

ئەو پێوەرە تا رادەیەک لای جوگرافیەکان پەسندە، کەچی لای کۆمەڵناسەکان بەپێچەوانەوە پەسندی ناکەن.

ئەم وێنەو هێلکاریانە ئاماژەیەکن بۆ ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان شارو لادێ تێبینی دەکرێ‌و دەتوانرێ ببێتە پێوەرێک بۆ ئەو بابەتە:

fppt.com

# ٤ - پێوەری مۆرفۆلۆجی



پرۆفایلی پانیی
شارەکان



fppt.com

# ٤ - پێوەری مۆرفۆلۆجی



پرۆفایلی پانیی شارەکان

fppt.com

# ٤ - پێوەری مۆرفۆلۆجی



نموونەی دیزاینی شەقامی شارەکان

fppt.com

# ٤ - پێوەری مۆرفۆلۆجی



سادەو ساکاری لادێ





# ٥ - پێوەری ئابووری ( وەزیفی )

مەبەست لەو پێوەرە زانینی ڕێژەی ئەو کەسانەیە کە بە چالاکیە ئابووریە جۆربەجۆرەکان خەریکن لە نێوەندە ئاوەدانیەکاندا.

سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دانیشتوانی لادێ بە کاری کشتوکاڵی خەریکنو دانیشتوانی شاریش بەکاری تر خەریکن.

بۆ ئەم مەبەستە ڕێژەی جیاجیا دانراوە بۆ کرێکارەکانی چالاکیەکان، هەندێ لایان وایە کە 80%ی شارەکان بە کاری ناکشتوکاڵی خەریکنو سەرجەم دانیشتوانی لادێش بە کاری کشتوکاڵی خەریکن.

وڵاتی هیند لە تەک پێوەرەکانی تر ئەو پێوەرەش پەیڕەو دەکا کە دەڵێ شارەکان تا ببنە شار پێویستە 75% دانیشتوانیان کشتوکاڵ نەکەن.

fppt.com

# ٦ - پێوەری کۆمەڵایەتی

ئەو پێوەرە پشت بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبەستێ کە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دروست دەبێ، چ لە شار یان لادێ .کە خۆی لەو خاڵانە دەبینێتەوە:

١ - خەڵکی لادێ زیاتر بە خاکەوە بەستراون وەک خەڵکی شارەکان.

٢ - لادێییەکان لە کۆمەڵگەی بچووک دەژین بە پێچەوانەی شاریەکان.

٣ - لە رووی سیفاتی بنەچەیی‌و دەروونی‌و کۆمەڵایەتی‌و زمان‌و بیروباوەڕو داب‌و نەریت‌و رەفتارەکانەوە، دانیشتوانی لادێ زیاتر هاوشێوەن بە پێچەوانەی شاریەکان.

fppt.com

# ٦ - پێوەری کۆمەڵایەتی

٤ - ژمارەی چینە کۆمەڵایەتیەکان (دیاردەی چینایەتی) لە لادێ کەمترن وەک لە شارەکان.

٥ - جووڵەی ئاسۆیی‌و ستوونی لە دانیشتوانی شارەکان زیاتر دیارە وەک لە دێ نشینەکان.

٦ - سادەو ساکاری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لادێکان، بەرامبەرە بە پەیوەندیە ئاڵۆزو فەرمی‌و کەمەکانی دانیشتوانی شارەکان.

fppt.com



# THANKS

fppt.com